چریکهای فدائی خلق ایران

۲۵ سپتمبر ۲۰۲۱

**اعلامیه به زبان کردی**

## هێرش بۆ سەر مەقەڕی هێزە سیاسیەکانی کوردوستان، لە کوردوستانی عێراق مەحکومە!

لە چەن حەوتوی ڕابردوودا، ڕژیمی دژی گەلی کۆماری ئیسلامی لە درێژەی سیاسەتی سەرکوتگەرانە و تێرۆریستی خۆی دا لە دژی کرێکاران و گەلانی ژێر ستەم و بە تایبەت گەلی خەباتکاری کورد، دەستی کرد بە هێرشی ئاسمانی و تۆپخانەیی بۆ سەر ئەو ناوچانەی کوردوستانی عێراق کە مەقەڕی حێزب و ڕێکخرواوە سیاسیەکانی ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی لێ جێگیرن. بە پێی ڕاپۆرتەکان لە ڕێکەوتی 9ی سێپتامبری ئەمساڵ دا یەکەم شەپۆلی ئەم هێرشانە لە دژی دەفتەر و بنکە و بارەگای هێزەکانی کوردوستان بە فڕۆکەی شەڕکەر دەستی پێ کرد و دوایی بە گوللە باران کردن لە لایەن تۆپخانە و فڕۆکەی بێ فڕۆکەوان درێژەی پەیدا کرد؛ و بەرزاییەکانی سنوری نێوان ئێران و عێراق (سیدەکان)، (چۆمان) و (حاجی عومران) کەوتنە ژێر ئاگربارانی سپا و ئەرتەشی دژی گەلی کۆماری ئیسلامییەوە. لەم هێرشانەدا کە تا چەند ڕۆژ دواتر درێژەی بوو، هیچ زیانێکی گیانی لە هێزە کوردوستانیەکانی نەیاری ڕژیم نەکەت، بەڵام خەڵکی دێهاتەکانی ئەو ناوچەیە توشی زەرەر و زیانی ماڵی زۆر بوون.

ئەمە یەکەمجار نییە کە ڕژیمی دژی گەلی کۆماری ئیسلامی دەستی داوەتە هێرشی تێرۆریستی لە دەرەوەی وڵات و ڕێکخراوەکانی ئۆپۆزسیۆن و هێزەکانی نەیاری خۆی لە دەرەوەی سنورەکان لە شار و وڵاتانی دیکە بە تایبەت عێراق دەکاتە ئامانجی هێرش و سەرکوتی خۆی. ئەم هێرشە دڕندانە چەن حەوتوو پاش ئەوەی دەستی پێ کردووە کە تێرۆریستەکانی ئەم حکومەتە، یەکێک لە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی (حیزبی دێمۆکراتی کوردوستان) بە ناوی (موسا باباخانی)یان لە شاری هەولێر ڕفاند و پاش ئەشکەنجەیکی دڕندانە، ناوبراویان کوشت. هەموی ئاماژەکان ئەوەمان پێ نیشان دەدەن کە کۆماری ئیسلامی دەیهەوێت بەم کردەوە و هەڕەشانە بەربەستی هەرچی گەورەتر لە بەردەم چالاکی هێزە دژبەرەکانی خۆی لە کوردوستانی عێراق دروست بکات.
هێرشی وەحشیانە و ڕسوایی ئەم دواییانە کە پاش هەڕەشەی محەممەد خاکپور فەرماندەی هێزی زەمینی کۆماری ئیسلامی دەستی پێ کرد، بۆ جارێکی تر ڕەواڵەتی دژی گەلی، تێرۆریستی، دژی ئینسانی و گەنیو و توشی قەیرانی ڕژیمی بە هەموان نیشان دا و ترسی کۆماری ئیسلامی لە بەربڵاوتر بونی خەباتی جەماوەر و بە تایبەت خەباتی گەلی کوردمان پێ نیشان دەدات.
چریکە فیدایییەکانی گەل هێرش بۆ سەر ئۆردوگا و مەقەری حیزب و هێزەکانی کوردوستان لە ناوچە سنورییەکان و تێک دان و زەرەر و زیان لە ژیان و دارایی جەماوەری ژێر ستەم و بێ چەکی ناوچەکە مەحکوم دەکات و لە سەر لە قاو دانی

هەرچی زۆرتری ئەم ڕژیمە دژی گەلییە و بەهێزتر کردنی خەبات بۆ سەرەوژێر کردنی شۆڕشگێڕانەی بە دەست کرێکاران و گەلانی ژێر ستەم، پێداگری دەکەن.

**بڕوخێت ڕژیمی بەکرێگراوی ئەمپریالیسمی کۆماری ئیسلامی بە دەستی بەهێزی جەماوەر!**

**بژی شۆڕش!**

**بژی خەباتی چەکداری کە تەنیا ڕێگای گەیشتن بە ئازادییە!**

**چریکەکانی فیدایی گەلی ئێران**

**ڕێکەوتی 27ی خەرمانانی 1400ی هەتاوی**